کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 2:13 17-10-2007

## وەڵامێک بۆ کوردستان پۆست و خوێنەرە نەخوێندەوارو کوێرەکانی .. ئەو کاتەی خەڵک جاش بوو من نەمدەزانی 1و2 دەکاتە چەند ...

**گەرمیان حەمەخان**

پێم سەیرە کە ماوەیەکە زبڵخانەکەی کوردستان پۆست و (نوسەرو خوێنەرە) کوێرو نەخوێندەوارەکانی



بە منیانەوە گرتووە. چەند ڕۆژێك لەمەو پێش پۆلیسی گەرمیان و بەڕێوەبەرەکەی لە زبڵخانەکەی کوردستان پۆست تێر قسەی ناشیرین کراون و چەندین کردەوەی ناپەسەندیان بە پاڵدان، ئیتر نازانم ئەوانە تاچەند ڕاست یان درۆن چونکە بۆ ڕاستی یان بەدرۆ خستنەوەی ئەو زانیاریانە دەبێت پۆلیسی گەرمیان خۆی ڕوون کردنەوەی بدات هەموو ئەو ووشانەش بە ناوی منەوە (گەرمیان حەمەخان) نوسراوە.

هەرکەسێك کە بە من و نوسینەکانم ئاشنا بێت دەزانێت کە ئەو زمانە پیسە زمانی من نییە هەرگیز ئامادەنیم زەڕڕەیەك لە ئەخلاقی کاری ڕۆژنامەوانی لابدەم لەگەڵ ئەوەشدا ئامادەم بۆ بەدوادا چوونی هەموو زانیارییەکیش ئەگەر بنەمای هەبێت.

بەڵام هەرگیز ووشەی ناڕاست و بێبنەماش فڕێ نادەمە نێو زبڵخانەیەك هەر بۆیە من دوای بڵاوبوونەوەی ئەو هەموو درۆیەیەی کە بە ناوی منەوە نوسرابوون ڕوون کردنەوەیەکم لە هەندێك لە ماڵپەڕەکاندا بڵاو کردەوە بەڵام کوردستان پۆست کە بۆ خۆی ئەو بابایەتی بڵاو کردەوە ئامادەنەبوو ڕوون کردنەوەکەی من بڵاو بکاتەوە. نازانم تۆ نابینای چان چاوت لە ئاست ئەو ڕوونکردنەوەیە کوێر یان خوێندەوارێت نییە.

ئەوەی من و هەزاران کەسی تر پێکەنینی پێ دێت دوای هەموو شتێك نەخوێندەوارێکی بەناو خوێنەری کوردستان پۆست تازە بەتازە وەڵامی ئەو نووسینە داتەوەو دەیان تۆمەت دەداتە پاڵ من وەك (کوردێکی جاش و کوڕە جاش و پشتیوانی عەرەب) .

عەزیزم: تۆ ئەگەر کەسێکی ئەوەندە دڵسۆزی گەرمیان و گەرمیانییەکان و پۆلیسی گەرمیان و کاك چەتۆو کێ و کێی بۆ تائێستا ئەو هەموو ڕاپۆرت و هەواڵ و نوسین و... هتد. نەبینی و نەتخوێندەوە کە من لە سەر کارە باش و خراپەکانی پۆلیسی گەرمیان کردوومە، ئەی ئەگەر ئەوانەت بینیوە بۆ جارێك شتێکت نەنووسی.

ئەگەر مامۆستاو ماستاوچییەکی تەکەتوولی ئەوە دڵنیابە کە نە تۆو نەدەیان چڵکاو خۆر و تەکەتولچی ترو نە ئەو کەسەش کە بەناوی منەوە وەها نوسینێك بڵاو دەکاتەوە ناتوانن زەڕڕەیەك گرفت بۆ من دروست بکەن و من بکەنە مەقاشی دەستتان. هەرچەندە من بۆ خۆم گومانم هەیە لەوەی کە تۆ هەمان ئەو کەسە بیت کە بەناوی منەوە درۆکانت کرد و ئێستاش هەر بە خۆت کاوێژدەکەیت

بەڕاستی پێم سەیرە کە تۆ تۆمەتی (کوردێکی دۆستی خراپتر لە دوژمن) م دەدەیتە پاڵ.

تۆ بە نوسینەکانتدا دەردەکەوێت کە دڵسۆزێکی پۆلیسی گەرمیان و حکومەت و کوردایەتیت و منت بە خیانەتکار ناو بردووە.

بەڵام تو بیت و ویژدان و شەرەفت ئەگەر هەشتە، منێکی ڕۆژنامەنووس کە ئیش و کارەکەم دیارن، دۆستی لە دوژمن خراپترو جاش و خیانتکارم یان ئەو کوردانەی کەتۆی کورد پەرەوەر کوردایەتیان پێدەفرۆشی و هەموویان خائین و فایلدارن یان ئەو کوردانەی کە ڕۆژێك تورکیاو ڕۆژێك عێراقیان بۆ یەکتر دەهیناو ڕۆژێك لە ناوخۆیان هەزارانیان لە یەکتر تیرۆر دەکرد، پان ئەو کوردانەی کە ئیتلاعات

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

و میت و سی ئای ئەی و موخابەرات دەعوت دەکەن و لە باشترین ئۆتێلەکانیاندا دایان دەنێن، یان ئەو کوردانەی کە تەکەتول ڕێبازیانەو شەوانە فیشەکیان لە ناو نامە هەڕەشە ئامێزەکانیاندا فرێدەدایە نێو ماڵی هاوڕێ و هاوسەنگەرەکانیانەوە، ئەو هاوڕێ و هاوسەنگەرانەی کە دیان ساڵ پێکەوە یەك گیان بوون و ئەمڕۆ پلەو پایەو ماددە بەریداونەتە گیانی یەکتر.

بەخۆت دەڵێم خوێنەرە نەرمۆڵەکەی کوردستان پۆست: من خیانەتکارو جاشم یان تۆیەك کە دڵنیام ئێستا کەسێکی تەکەتوول وەکو توتکە سەگ کوتی کوتیت بۆ دەکات و پارەت بۆ فرێ دەدات و تۆش بەمن دەوەڕیت.

چاوەڕەشەکەم: دڵنیابە من نەبەباش و نە بە خراپ باس کار و چالاکی پۆلیسی گەرمیان و کێ و کێ ناکەم تەنها وەکو ڕۆژنامە نووسێك ئاوێنەی ڕووداوەکانم و بە بێ کەم و زیاد تەنها ڕاستییەکان باس دەکەم بەڵام هەرگیز ئەوەندە هەرزە نیم و نابم کە لە ئەخلاقی پیشەکەم لابدەم و ناوی خەڵکی بزڕێنم، هەر ئەوەندەت پێ دەڵم لە بەرامبەر ئەو وەڕینەت کە بە مندا هەڵدەوەڕی چەندت پارە دەدەنێ من پارەم زیاتر پێت دادا ئەگەر داوات لێ کردبام، ئەمەش بۆ ئەوە نە کە زۆرم پێ ناخۆشە تۆ ئەو شتانەت نووسیوە، چونکە دەریا بەدەمی سەگ گلاو نابێت.

زۆر زۆر زۆ و ر زۆ و ر داوای لێبووردن لە هەموو خوێنەران و ئەوانەدەکەم کە ئەم نوسینەی منیان بەرچاو دەکەوێت کە هەندێك ووشەم بەکار هێناوە.

چونکە من جگەلەوەی کە خۆم لە هیچ کەس بە زیاد نازانم و بچوکی هەموو کەسم، بەڵاَم خۆشم ناخەمە ئاستی هەندێك ناکەس ئەوەی کە پێشتر لە کوردستان پۆستدا نوسرا بوو نوسینێك بە ناوی منەوە بڵاو کرابووەوە، بەڵام هیچ پەیوەندییەکی بە منەوە نەبوو.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.